# زانكۆی ڕاپەڕین

## فاكەڵتی پەروەردەی بنەڕەت

## خوێندنی ئێواران

# ڕێبەری وەرگرتن

٢٠١٦ - ٢٠١٧

**سڵاوی زانست...**

لە پێناو پەرەپێدانی تواناكانی مامۆستایان و گەشەپێدانی هزر و توانستی زانستییان، فاكەڵتی پەروەردەی بنەڕەت بۆ ئەم ساڵی خوێندن (٢٠١٦- ٢٠١٧) دووبارە بەشەكانی (زمانی عەرەبی، زمانی كوردی، بیركاری، زانستی گشتی) دەكاتەوە. لە خوارەوەش سەرجەم مەرج و ڕێنماییەكانی تایبەت بە خوێندنی ئێواران دەخەینەڕوو:

## ❈ مەرجە گشتییەكانی وەرگرتن:

١. خوازیار دەبێت مامۆستا بێت لە سەر میلاكی وەزارەتی پەروەردە.
٢. خوازیار دەبێت لایەنی كەم راژەی مامۆستایی لە دوو ساڵ كەمتر نەبێت.
٣. نابێت دەوامكردن لە خوێندنی ئێواران بە هیچ شێوەیەك كار لە جێبەجێكردنی ئەركی مامۆستایەتیان بكات. بە پێچەوانەوە نابێت ئەركی مامۆستایەتیان كار لە خوێندنەكەیان بكات.
٤. دەبێ ساڵانە پشتگیری بەردەوامبوونیان لە ئەركی مامۆستایەتی پێشكەشبكەن.

## ❈ مەرجە تایبەتییەكانی وەرگرتن:

١. وەرگرتن لەهەر بەشێكی خوێندنی ئێواراندا بە ڕەچاوكردنی لقەكانی زانستی و وێژەیی بەم شێوەیە دەبێت:
٢. تەنها دەرچوانی لقی زانستی بۆیان هەیە داواكاری پێشكەش بكەن بۆ وەرگرتن لە بەشەكانی (بیركاری، زانستی گشتی).
٣. دەرچوانی لقی زانستیو وێژەیی و هاوتاكانیان بۆیان هەیە داواكاری پێشكەش بكەن بۆ بەشەكانی:(زمانی كوردی، زمانی عەرەبی).
٤. دەرچووانی پەیمانگاكانی هونەرەجوانەكان و دواناوەندییەكانی خوێندنی ئیسلامی بۆیان هەیە پێشبڕكێ تەنها بۆ وەرگرتن لە بەشەكانی (زمانی كوردی، زمانی عەرەبی)بكەن.

## ❈ ڕێكارەكانی وەرگرتن:

- داواكاری فۆرمی وەرگرتن پڕبكاتەوە و مۆر و واژۆی خوێندنگە و بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی لەسەر بێت و بەر لە وادەی ٢٠١٦/٠٩/١٧ پێشكەشی لیژنەی پەیوەندیداری بكات.
- پێویستە خوازیار ئەم پێداویستیانە لەگەڵ فۆڕمەكەی هاپێچ بكات:

١. سەرجەم ناسنامە و پێداویستییە كەسییەكان (كۆپی ڕەنگاوڕەنگ): (پێناسی باری شارستانی، ڕەگەزنامەی ئێراقی، كارتی زانیاری، كۆبۆنی خۆراك، شەش(٦) وێنەی ڕەنگاوڕەنگ).
٢. فەرمانی كارگێڕی یەكەم دامەزراندن (كۆپی).
٣. پشتگیری بەڕێوەبەرێتی پەروەردە كە بیسەلمێنێت ناوبراو مامۆستایە.(پێویستە پشتگیری هی ئەم ساڵ بێت)
٤. هەموو ئەو پێداویستیانە لە گەڵ فۆرمی وەرگرتن بخرێتە ناو فایلێك: فایلی ڕەنگی **شین** بۆ خوازیاری بەشی **كوردی**، فایلی ڕەنگی **سوور** بۆ خوازیاری بەشی زمانی **عەرەبی**، فایلی ڕەنگی **سپی** بۆ خوازیاری بەشی **بیركاری**، فایلی ڕەنگی **سەوز** بۆ خوازیاری بەشی **زانستی گشتی**.
٥. خوازیار پێویستە بەڵێننامە پێشكەش بكات كە دوای پاڵاوتنی لەلایەن زانكۆی ڕاپەڕین پەیوەندی بكات و بە هیچ شێوەیەك واز لە خوێندن تا تەواوكردنی خوێندن نەهێنێت بە پێچەوانەوە دەبێت بڕی تێچوونی هەر چوار ساڵەكەی خوێندن كە دەكاتە(٢،٤٠٠،٠٠٠) هەزار دینار پێشكەش بە زانكۆی ڕاپەڕین